# تۆپ باران و تۆپی وەرزش

**عومەر جەلال**
omerjelal@yahoo.com

هەرگیز ئەو ساتانەمان یاد ناچێتەوە کە منداڵ بووین خوازیاربووین تۆپێکی لاستیکی وەرزشیمان هەبووایە ناچار بۆ ئەوەی وەرزشەکەمان بکەین ئیدی پارچە تەنەکەیەك بووایە یان تۆپەڵێك پەت تەنیا بۆ ئەوەی بتوانین گەمەی تۆپانی پێ بکەین ,لەو ساتەوە تۆپ بووە ئەفسانەیەك لەتەك گەورە بوو نماندا گەورەبووە.تا ئێرە رۆحییەتیەکی وەرزشی پێوە دیارە ,وەلێ پاش کەمێك گەورەبوون و بوونی سەردەمی بەعسیزم گوێبیستی تۆپە دوور هاوێژەکانی بەعس بووین لە بەرزاییەکانەوە گوند و شاخەکانیان دەسوتان و زیانێکی گەورەی دەدا لە ناوچە کوردییەکان ئیدی تۆپ ئاوێتە بوو لە هزری تاکی کوردیدا چ تۆپی وەرزشی بێت یان تۆپی رژێم ئیدی تۆپ قێزەوون بوو لە لامان ,هەرچەندە لە کولتووری کوردیدا وا باوبووە کە ناوی لێدەنرا تۆپ,ئێستاشی لەتەك دا بێت هەر پێی دەوترێت تۆپ بۆ وێنە لە رۆژنامە و تی ڤیەکاندا بە تۆپباران ناوزەد دەکرێت.

هەتا دەسەڵاتی بەعسیزم مابوو لە کوردستاندا ترسی ناوچە نزیکەکانی وەك ( چەمچەماڵ و کفری ) لە ژێر هەڕەشەی تۆپە دوور هاوێژەکانی ناو مۆڵگەکانی بەعس بوو .کەم جار هەبووە خێزانی قوربانیەکان و پاشماوەی ئەنفالەکان لە لایەن بەرزاییەکانی ( بانی مەقان ) ەوە تووشی زیانی مادی و گیانی نەبووبێتنەوە,خۆش بەختانە پاش نەمانی بەعسیزم ئەو ئازارە نەما ,وەلێ کێشەکە لەوەدایە پاش ماوەیەك لەمەوبەر لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە بەمەبەستی لەناوبردنی هێزەکانی ( پژاك ) چەندین گوندی نزیکی سەر سنوورەکان زیانی مادییان بەرکەوتوو ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆرینەی گوندەکان لەترسی ئەو تۆپ بارانە ناچار گوندەکانیان بە جێ هێشت کەچی زۆر بە سادەیی تێپەر بوو بە سەر لاشەی دەسەڵاتی کوردیدا ئەمە لە کاتێکدایە هەنووکە پاشماوە و ترسی ئەو تۆپبارانە هەر ماوە کەچی دیسانەوە بەمەبەستی لەناو بردنی هێزەکانی ( پ.ك.ك. ) دیسانەوە رژێمی تورکیا هەر وەك پیشەی قێزەونی خۆی چەند گوندێکی نزیکی دهۆك و ئانیشکی تۆپباران کرد و هێزێکی نزیکی لەسەر سنوور کۆکردووەتەوە کەچی دەبینین و دەبیستین لە هەموو راگەیاندنە عەرەبییەکانەو بە گەرمی و هەواڵێکی سەرتایی باسی دەکەن کەچی راگەیاندنە کوردییەکان زۆر بە سانایی باسی لێوە دەکەن کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەست بردنە بۆ پیرۆزییەکانی خاکی کوردستان ( هەرچەندە پیرۆزییەکانی نیشتمان دەمێکە گەمەی پێ دەکرێت چ لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە بۆ دابەش کردن و قۆرخ کردنی بۆ ئەندامی حیزبەکان یان لە لایەن وولاتانی دیەوە )

ئەوە ناکرێت ئەوە لە یاد خۆمان بەرینەوە کە شەقامی کوردی لە خەوێکی قوڵدا دەژی و بێدەنگی شەقامی کوردی زۆر سستە لە کاتێکدا ئەوەندەی رەخنە لە سیستمی دەسەڵاتی کوردی دەگیرێت و خۆپیشاندان دەکرێت نیو هێندە خۆپیشاندان بۆ تۆپبارانکردنی تورکیا و ئێران ناکرێت هەرچەندە کێشەکە لە لایەن دوو حیزبی رۆژهەلات و باکووری کوردستانەوە درووست بووە ,بەلام ئەوەی دەبینین زۆر بەسادەییەوە دەسەڵاتی کوردی چ رۆڵی سەرەك کۆمار چ وەزیری دەرەوەی عێراق کە هەردوو کوردن و رۆژانێك بووە هەماهەنگی و هاوکاری حیزبەکانی رۆژهەڵات و باکوری کوردستانیان کردووە کەچی ئیمرۆ بە هۆی عێراقچێتیەوە بێدەنگ بوونەوە کە لەدەسەڵاتیاندابووە بە شێوازیی جۆرا و جۆر یارمەتی ئەم حیزبانە بدەن و چیدی نەهێڵن خاکی کوردستان لەلایەن ئێران و تورکیا تۆپباران بکرێت و کاری دەست پێشخەر بکەن بۆ بێدەنگکردنی ئەم کێشەیە.

هەنووکە دۆخی کوردستان زۆر هەستیارە و پرسی کەرکوك لە دۆڕاندن دایە ,ئەوەندەی تورکیا مەبەستی نەوتی کەرکوکە نیو هێندە مەبەستی لەناوبردنی ( پ.ك.ك ) نییە ,ئەوەی لە دەسەڵاتی کوردی دەبینرێت نەدەبوو بەو شێوازە پشتیان لە ( پ.ك.ك ) و ( پژاك ) بکردایە چونکە ئەو شاخە بڵندانەی وەك قەندیل جێگای ئەو هێزانە بێت باشترە وەك لە ( ئەنسار و قاعید ) کە زیانێکی زۆریان لە کۆمەڵگەی کوردیدا ,هەنووکە دۆخی ( پ.ك.ك ) ە وەك و دۆخی کوردستانە پێش دابەش بوونی بۆ چوار پارچە لە لایەك ( بەشار ئەسەد ) ی سووریا دەچێتە تورکیا پشتگیری خۆی بۆ لێدانی ( پ.ك.ك ) دەکات و ئێران هاوکاری تورکیا دەکات و لەو لاشەوە جێگرەکەی تاڵەبانی ( هاشمی ) دەچێتە تورکیا و ( پ,ك,ك ) ە بە هێزی تیرۆریستی دادەنێت کە نەدەبوو ئەو پۆلێنکارییە بکات .واتە پەکەکە لەهەر چوار ولاتەکە وە گەمارۆ دراوە وە تورکیا و سوریا

وئێران عێراق, تاڵەبانیش بەئاشکرا دەڵێت لە کۆڵمان ببنەوە خاکی عێراق بەجێ بهێڵن ئەمە لە کاتێکدایە کە لە راگەیاندنە جیهانییەکانەوە ئەوەندەی گرنگی بە کێشەی کورد و تورکیا دەدرێت نیو هێندە باسی ئەو دۆخە ترسناکەی عێراق ناکرێت لەتیرۆرەوە تادەگاتە گەندەڵی و شکستی سیستمی دەسەلات.

ناکرێت ئەوە لەیاد بکەین کە ئەمرۆ هاولاتییەکی زۆر نیگەرانن لە دەسەڵاتی کوردی و چیدی تواناى چاوەروانی چاکسازی ئەم دەسەلاتەیان نەماوە, بۆ وێنە گە نجێکی هاورێم پێی ووتم( چەند بەختەوەر دەبم تورکیا بێتە کوردستانەوە ئیدی بەسادەیی دەتوانم بچمە تورکیاوە کێشەی پاسپۆرت و رێگای قاچاخم نامێنێت ) ئەمە هێمایەکە بۆ ئەوەی نەك هەر گە نجەکا نمان بەڵکو زۆرێك لە تاکی کوردی وەڕسن لە سیستمی دەسەلاتی کوردی و بێدەنگبوونی لە گەمەکردن بە خاکی کوردستان و خەوتن لە سەر تەرمی مادەی ( 140 ) و باوێشکدان بەرانبەر تورکیا و ئێران لە تۆپبارانکردنی جەستەی سوتماکی خاکی کوردستان لە وێرانکردنەوە بۆ داگیرکرن .